

# "پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" لە وتووێژی "چاودێر" لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

- **هەموو کۆمەڵگایەك بەیەك شێوە گۆڕانگاری دێمۆکراتیزەبوون تەجرەبەناکەن.**
- **پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە پێشدا کۆمەڵێك رۆشنبیری دنیای عەرەب ئامادەیان کردو پێشکەشیان کرد بەنەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو بەرنامەیەك بۆ گۆڕانکاری.. دوایی ئەمریکا بەدەستیەوە گرت و گۆڕانی تیادا کردو کردی بەم پرۆژەیە، دواییش پێشکەشی کرد بە هەشت وڵاتە پیشەسازیە گەورەکەی دنیا، ئەم ئاڵوگۆڕەی ئاخیری تێدا کرد.**
- **من وا دەزانم گرفتی دەق هەیە، موشکیلەی دۆگمای ئیسلامی وجودی هەیە، ئەوە کاری دیموکراتیزەکردن لەوڵاتانی ئیسلامی دژوارتر دەکات، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەو کارە مومکینە، یەعنی من ریفۆرماسیۆنێك لەئاینی ئیسلامدا بەناموومکین نازانم.**

***چاودێر:*** *ئەم گفتوگۆیەمان لەسەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورەیە، کەپرۆژەیەکی تازە پێشکەش کراوی ئەمریکا و ئەوروپایە، دڵنیام بەرێزت ناوەرۆکەکەیت بەووردی سەرنج داوەتێ، ئەشزانی دوو ساڵ دەبێت ئەو پرۆژەیە لەمیدیاکان و لەناو هێزە سیاسیەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێ. پرۆژەکەش بۆ هەموو رۆژهەڵاتی گەورەیە، لەپاکستان و ئەفغانستانەوە تادەگاتە باکوری ئەفریقا، (٨٤) وڵات لەناو پرۆژەکەدان، من پرسیارەکەم ئەوەیە، چ جیاوازیەك لەم پرۆژەیەدا دەبینی لەچاو پرۆژەکانی دیکەی سەرمایەداری، یان پرۆژەکانی رۆژئاوا و ئەمریکا کەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی جەنگی سارد پێشکەشیان کردووە بۆ رۆژهەڵات؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* وا بزانم گۆڕانی گەورە هەیە لەنێوان ئەم سەردەمی ئێستا لەگەڵ سەردەمەکانی پێشووتر، ئەوەش هەم هۆکاری ئابووری جیهانی هەیە، هەم هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی. لەدەیەکانی پێشوودا، لەراستیدا زۆربەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستو بگرە هەموو جیهانیش لەلایەن رۆژاوا و بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیریان لێدەکرا. کودەتا سەربازیەکانی کەدەکرا، زۆریان بەدەستو پشتیوانی راستەوخۆو ناراستەوخۆی ئەمریکا بوون، (د. مصدق) لەئێران کە هەڵبژێردراوی خەڵك بوو، لەچاو سەردەمی خۆی ئەزموونێکی دیموکراسی بوو لەئێران، لەسەر دەستی ئەمریکاو ئینگلیز رووخا. هەروەها بەترحو گەلاڵەو پشتیوانی ماڵیو مادی ئەوان و بە کودەتای ئەمریکایی لەئەمریکای لاتین (سالڤادۆر ئالێندا) کە حکومەتی یاساییو هەڵبژێردراوی شیللی بوو، رۆیی. سەرجەم دەیەکانی رابردووە وابوو کەئەمریکا پشتیوانی لەحکومەتە دیکتاتۆریەکانو نیزامیەکان دەکرد و لەبەرامبەر زۆرێك لەجوڵانەوەی دیموکراسیخوازی ئەم وڵاتانە دەوەستایە، بەڵام لەساڵانی رابردوودا گۆرانێك دەبینرێت، ئەو گۆڕانەش گۆڕانێکە کە پێم وایە دنیای رۆژئاواو بەتایبەتی ئەمریکای بەو بروایە گەیاندووە کە مۆدێلی دەسەڵات لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەبێت بگۆردرێت. بۆچی ئەو مۆدێلە دەبێت بگۆرێتو پێویستیەکەی لەکوێوە هاتوە؟ وابزانم یەکێك لەپێویستیەکانی پێویستی ئابوورییە. گەشەکردنی سەرمایەداری جیهانی وای کردووە کە پێویستە شەپۆلەکانی ئەم گەشەکردنە بگاتە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، دەرگای ئەوانیشی کوتاوەو هەر دەشبێ دەروازەی خۆیانی بۆ بکەنەوە. ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە، دەبینین کە زۆرجار ئەم پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەدارییە لەگەڵ خۆی شەپۆلێکی بەجیهانی بوونیشی هێناوە.. ئەم جیهانی بوونەی سەردەمی ئێستا تەنها بەجیهانی بوونێك نییە کە دنیای سەرمایەداری بەخۆیەوە بینیوە، زۆرجار وابووەو سەدەی نۆزدەیەمیش هەروابووە، ئەمەی ئێستا شەپۆلێکی نوێی جیهانی بوونە.

*چاودێر: ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەپێویستە لەدنیای دواکەوتوودا مۆدێلێکی سیاسیو ئابوری بەدی بهێنین، یاخود زەرورەتی گۆرانو پەرەپێدانی دنیای سەرمایەدارییە. مەترسی دنیای سەرمایەدارییە لەوەی کەقەیرانێکی گەورەیان توش بێت، بۆیە دەیانەوێت پەرە بسێنن بۆ وڵاتانی دەرەوو وڵاتانی دواکەوتوو؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* خۆیان پێویستیان بەئاڵوگۆرێکی گەورەیە، من ئەوە بەهۆکارێکی سەرەکی دەزانم کەخۆیان وەکو سەرمایەداری جیهانی پێویستیان بەو ئاڵوگۆرو پەرەسەندنە هەیە.. لەراستیدا دەتوانین بڵێین ئەو سنورانەی کەکاتی خۆی دایاننابوون، یان گەشەی سەرمایەداری لەسەردەمێکدا دایانابوون، ئیتر پێویستی بەوەیە کەئەو سنورانە لەباری ئابوریو سیاسیشەوە ببەزێنێ، بەڵام ئەم وڵاتانەش پێویستیان بەئاڵوگۆر هەیە، ئەمەش حەقیقەتێکی گەورەیە.

*چاودێر: کەوابێ سەرمایەداری دەورانێکی تری ژیانی بە بەرەوە ماوە کەگەشە بکاتو پەرە بسێنێو هەژموونی هەبێ، نەك لەئەوروپا بگرە لە وڵاتانی تریشدا؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* بەڵێ، من بەپەرەسەندنی دەزانم، وای دەزانم کەسەرمایەداری هەموو کەلێنو کەلەبەری دنیا پڕ دەکاتەوە. من بە شەپۆلێکی گەشەکردنی دنیای سەرمایەداری دەزانم وەکو گلۆبالیزاسیۆن، چۆن لەم

سەردەمەدا هەیەو چەندین شتی لێدەکەوێتەوە، من وابزانم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەشی لەبواری ئابوریدا، لەم قۆناغە دیاری کراوەی پەرەسەندنی سەرمایەداری سەرچاوەی وەرگرتووە.




***چاودێر: ئێمەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، نەمان توانی شۆڕشی دیموکراتی بەو چەمکانەی کەلەڕۆژئاوا سەرکەوت، سەربخەین،ماینەوە بۆ ئەم ڕۆژگارە کەجیهانگیرییە، جیهانگیری دەیەوێ شەپۆلەکانی دیموکراتی بۆ وڵاتانی ئێمە بێت، کەوابێ ئیتر وڵاتانی ئێمە پێویست بەو شۆڕشە نییە کە جاران خەونی گەورەی شۆڕشگێڕەکان بوو، یان لەئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دیموکراتیان پێ سەرخست، کەوابێ بەبێ شۆڕش، بەبێ قوربانیەکی بێ شومار کەهەمیشە لەشۆڕشەکاندا دراوە، ئەم شەپۆلانەی دیموکراتی بەرەو وڵاتانی ئێمە دێت، کە دێت سەردەکەوێ، کێشەو گرفتەکانی پێ چارەسەر دەکرێ یان نەخێر هێشتا ماومانە ئێمەش شۆڕش بکەین‌و بتوانین ئەم هەلومەرجەی جیهان بقۆزینەوە؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** من پێموایە تەعریفێکی کورت لەشۆڕش بدەین خراپ نییە، شۆڕش لەڕوانگەی منەوە بریتی نییە یان مەرج نییە بریتی بێت لەتوندو تیژی، مەرج نییە شۆڕش ئاوا پێناسە بکەین کە توندو تیژی‌و قوربانی‌و خوێنرێژی تیادایە، شۆڕش بریتییە لە گۆڕانکاری قوڵ، بەم حسابە شۆڕشێکی دیموکراتیزەکردن نەك هەر لێی بێ نیاز نین، بەڵکو بەو مانایە پێویستمان بەشۆڕشێکی دیموکراتیزەکردن هەیە. ئەوە نییە کە ئەو شەپۆلانە ئۆتۆماتیکی بێن و هیچ نەکرێ، یەعنی پێویستی بەوە نەکات کەخەڵکی ئەم وڵاتانە خۆیان هیچ بکەن.. ئەگەر بێتو ئەنجامێکی وا وەربگیرێ لەجیهانی بوون و لەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەئەنجامێکی هەڵەی دەزانم. من پێموایە، ئەنجامی دروست ئەوەیە بڵێین بارودۆخ لەحاڵی گۆڕاندایە. باردۆخەکە جاران بەزیان بوو، بەڵام ئێستا لەبار و لەبەرژەوەندی دیموکراتییە بەتایبەتی لەکۆمەڵی کوردی کە ئێمە قسەی لێدەکەین. بەڵام لەم بارودۆخەدا ئەوە بەخەڵکی ئەو کۆمەڵگایە کەوتووە کەچۆن کەڵکی لێوەردەگرن، ئایە دژی دەوەستنەوە؟ ئایا بێ تەفاوت دەمێننەوە؟ یان لەپەراوێزیدا خۆیان مەڵاس دەدەن؟ یاخود خۆیان دەبنە هۆکارێکی ئەکتیڤی ئەو گۆڕانە، کەتەنها لەحاڵەتی سێیەمدایە، یانی لە حاڵەتێکدا کەکۆمەڵانی خەڵك ببن بەئاکتۆرێکی ئاکتیڤی ئەم گۆڕانکارییانە، دەشتوانن ئەم گۆڕانکارییانە بەئاقارو ئاراستەیەکدا بەرن کەلەبەرژەوەندی خۆیاندایە.. نەبن بە مۆرەی شەترەنجێك لەگەمەی سەرمایەداری جیهاندا و بڵێین تازە دەسەڵاتێکمان نییە.

*چاودێر: ئەمەیان بەدیوی دنیای دەرەوە.. بەدیوی دنیای ناوەوەی ڕۆژهەڵات.. لەوڵاتی وا هەیە ڕەنگە ئاسان بێ ئەو پرۆژەی دنیای دەرەوە بێت و جێی خۆی بکاتەوە.. وڵاتی واش هەیە، زۆر کەلله ڕەقە، مەحاڵە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە بدات، بۆ ئەم گۆرانکاریانە، پێت وانییە، بەچەشناوچەشن دەکەوێ مەسەلەکە.. لەشوێنی وا هەیە کێشەی زۆر گەورە دەقەومێ، لەشوێنی واش هەیە کێشەی کەم، بۆنمونە، لەئوردندا کێشە نابێت حکومەت و پێکهاتەی ئوردنی هەموو ئەو شتانە هەڵدەمژێ و قبوڵی دەکات.. لەتورکیاش باوەر ناکەم ململانێی توند و تیژ لەنێوان تورکیا و ڕۆژئاوا دروست بێت.. بەڵام ئایە لەئێران وا دەکەوێتەوە، لەسوریا وا دەکەوێتەوە، لەعەرەبستانی سعودی وا دەکەوێتەوە.. ئەی ئەم چەشناوچەشنییە پرۆژەی جیاواز و دۆخی جیاواز دەبینین و دەبین بەشایەتی ئاڵوگۆری زۆر توند و زۆر نەرم لەچەند ساڵی ئاییندە؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* ئاخر ئێمە وەختێك دەستەواژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بەکاردەبەین، ئەمە بەناو دەستەواژەیەکە.. بەڵام جوگرافیایەکی پان و بەرین، کۆمەڵی جیاواز، زمان و کولتور و فەرهەنگی جیاواز، رادەی گەشەکردنی ئابوری جیاواز، ساختارو قەوارەی سیاسی جیاواز، ئایینی جیاواز لەم بەشە لە گۆی زەویدا هەیە، لەبەرئەوە هەر وڵاتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر وڵاتەش ڕەنگ بێ بەشێوەیەکی جیاواز ئەو پرۆسەیە تێ بگات، یان لەوانەیە ساڵەهای ساڵیش تێپەری نەکات. ناتوانی بڵێی هەموو کۆمەڵگەیەك بەیەك شێوە گۆرانگاری دیموکراتیزەبوون تەجرەبە دەکات. منیش لەو بروایەدام نازانم بۆ ئوردن، بەڵام ڕەنگ بێت ئەگەری زۆرتر ئەوەیە کە تورکیا ئەو گۆرانکارییە بەبێ توند و تیژی گەورە بەرێوە بەرێ. بەڵام تورکیاش هەر پێویستی بەگۆرانکاری قوڵ هەیە، لەوانەیە شێوەکەی شێوەی توندوتیژی نەبێ، بەڵام بەزەحمەتی دەزانم لە وڵاتی وەکو ئێران و عەرەبستانی سعودی ئاوا بەرێوەبچێت. قەوارەی سیاسی ئەو وڵاتانەو دامەزراوە و فەرهەنگی زاڵ ڕێگە نادات بەو ئاڵوگۆرە.. هەروەها نیزامێك کەلەناوخۆیدا ئاڵوگۆری تێدا نەبوو، دەبێ بەزەبرو زەنگ بروات.

*چاودێر: واتە دەتوانین وای لێك بدەینەوە لە شۆرشی پیشەسازی و دیموکراتی سەدەکانی ناوەراستدا حکومەتە فیوداڵەکان بەر هەڵستی ئەو شۆرشانەیان کرد، تێك شکان.. لەسەردەمی گلۆبالیزاسیۆندا ئەو حکومەتانەی تەوژمەکانی دیموکراتی قبوڵ ناکەن، ناتوانن بەرگە بگرن.. ئایە ئەم حکومەتانە ڕۆڵی هەمان سیستەمە فیوداڵەکانی سەدەی ناوەراست ناگێرن لەبەردەم شەپۆلەکانی گلۆبالیزاسیۆنی ئێستا کە دیموکراتی لەڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ئەهێنێ؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* لەو بروایەدام کەبێ گومان بەجۆرێك لەجۆرەکانی دەبێت ئاڵوگۆریان تێدا بکرێت، بەڵام ناتوانی گرەنتی بکەیت کەساڵانی داهاتوو هەڵوێستی ڕۆژئاوا چۆن دەبێ، ئایا سەردەمێکی وا دێتەوە کەجارێکی دی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەدژی جوڵانەوەی دیموکراسیخوازی بوەستنەوە یان نا، پێشبینیەکەی ئاسان نییە، بەڵام بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا هیچ نەبێ زۆربەی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەکەونە بەر تەوژمی گۆڕان، بێجگەی لەوانەی لەپەراوێزدا بن، یان ئەو گرنگیەیان نەبێ، یان ڕەنگە ڕۆژئاوا لێیان خۆش بێت، چونکە ئەوەش هەیە بۆ مەسەڵەحەتی سیاسی لێیان خۆش بێت.. بۆچی ڕۆژئاوا نازانێت حکومەتی

سعودی حکومەتێکی ئیستیبدادی کۆنەپەرستی سەدەکانی ناوەراستە، کە پەنجا ساڵیشە هەیەو سەوداو موعامەلەی لەگەڵدا دەکاتو لێی خۆش بووە، رەنگ بێ کەیسو نمونەی ئاواش هەبێ کەرۆژئاوا خۆش بن لەو حکومەتانە لەبەر بەرژەوەندی سیاسیو جیۆپۆلیتیکی خۆیان، بەڵام حکومەتە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەکو میسرو ئێرانو تورکیا، لەو بروایەدام ئەوانە ناتوانن گۆرانیان تیادا پێك نەیەت، هەم لەبەرئەو هۆکارە دەرەکیو هەم لەبەر هۆکاری ناوخۆیی خۆشیان. زۆر لەمێژەوە دەیان ساڵە لەم وڵاتانە جۆرەها ناکۆکی کۆمەڵایەتی تێیاندا کەڵەکە بووە و بەری پێش کەوتنی ئەم کۆمەڵگەیانە گیراون بەجۆرێك دەبێت بەریان بکرێتەوەو رزگاریان بێ و بۆ داهاتوو ببزوێن.

***چاودێر: لەسەردەمی جەنگی ساردا، خۆش بوون لەحکومەتە ئیستیبدادیەکانی وەکو سعودی لەقازانجی سەرمایەدارییە، پێتوانییە ئێستا خۆش بوون لەو جۆرە حکومەتانە لەزەرەری سەرمایەداریو لەزەرەری رۆژئاوادا بێ، بۆیە زەحمەتە ئەگەر لەساڵو دوو ساڵی ئاینده چاوێك بپۆشن، بەڵام لەپێنجو دە ساڵی ئایندەدا زۆر زەحمەتە دەستیان لێ هەڵبگرن، چونکە زەرەری خۆیانە؟***

*عەبدوڵلا موهتەدی:* وەکو عەرزم کردی، لەئێستادا وا دیارە هەم پێویستییە ئابورییەکانی سەردەمو پێویستی گەشەسەندنی بەتەواوی مانای سەرمایەداریو بەرهەمهێنان، هەم ناکارا بوونو بێ کەڵك بوونی ئەم مۆدیلە سیاسییەی کەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوویانە لەبەرگری کردن لەجوڵانەوەی رۆژئاوایی، ئەمریکاو ئەوروپای بەو بروایە گەیاندووە کەپێویستە لەئابووریو لەسیاسەتدا مۆدیلەکەیان بگۆرن. کەئەمەش لەم سەردەمەدا دەکرێ بۆ دیموکراتیزەکردن بقۆزرێتەوە، ئێستا وا دیارە، بەڵام ناتوانی ئەم برگەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیو لە سەرمایەداری هاوچەرخ بکەی بەمیلاکێکی عام و قەزاوەتێکی وای تێدا بکەیت بۆ هەمیشەی دنیای سەرمایەداری. ئەی بۆ ئەوە دەڵێی چی کەئەڵمانی هەرە پێش کەوتووی نێوان جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی، فاشیزم سەری هەڵدا، شەش ملیۆن جولەکەیان سوتاند بەبێ هیچ تاوانێك. ئەی بۆ فاشیزمی ئیتاڵیا دەڵێی چی؟ کەئەمانە تارادەیەك وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی ئەوروپا بوون، کەچی هۆکاری واش هاتە ئاراوە کە بوو بەهۆی ئەوەی لەم وڵاتانە فاشیزم سەری هەڵدا.. ئەی راسیزم و رەگەزپەرستی دەستە راستی کە دەبینین ئێستالەهەندێك وڵاتی ئەوروپا هەیە، جاری وا هەیە (٥٪، ١٥٪، ٢٠٪)یش دەنگەکان دێننەوە،بۆ ئەوانە دەڵێین چی؟ لۆپێن لەوانە بوو حکومەت بەرێتەوە، بۆیە جاك شیراك بەدەنگێکی ئاوا زۆرەوە هاتە سەر کار کەهەموو فەرەنسا بەچەپو راستەوە لەترسی لۆپین دەنگی دا بۆ جاك شیراك، ئەگینا مونافیسی زۆر بوو بۆ جاك شیراك. ئەی ئەگەر لۆپینەکان و ئەو سیستمە مەترسیدارە لەئەوروپا سەری هەڵدا دەڵێی چی؟ مەبەستم ئەوەیە ناتوانی چەکی سپی بدەی بە سەرمایەداری کەتا ئەبەد لەپرۆژەی دیموکراسی دیفاع دەکات.

***چاودێر: با تۆزێك بێینە سەر وردەکاری پرۆژەکە، پرۆژەکە ستراتیژێکی تەواوی سیاسییە، ئابوورییە، ئازادییە، مەسەلەی پەروەردەییە، مەسەلەی کۆمەڵی مەدەنییە، زۆر شتی تیادایە، لەئەوەڵدا پرۆژەکە، پرۆژەیەکی سیاسی بەرجەستە دەکرد، ووردە ووردە لەگەڵ وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان کەئەمریکا نزیك کەوتەوەو رێك کەوتن لەسەری، هەست دەکەی مەسەلە سیاسیەکان ، قورساییان لەپرۆژەکە کەم کراوەتەوە،***

*بایەخ پێدانی مەسەلەکانی مەدەنیەت و بازاری ئازادو کۆمەك کردن بەسەرمایەداری بچوك و گۆرینی فەلسەفەی خوێندن، ئەمە ئێستا زاڵکراوە لە پرۆژەکەدا. پێت وایە، هۆی ئەم ئاڵوگۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئاسان نەبوو ئەم هەموو حکومەتە ئیستیبدادو نادیموکراتیانە بتوانن بەپرۆژەیەکی سیاسی بگۆڕن، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، یان کاتیان دەویست بۆئەوەی بتوانن کە ئیشەکانیان بکەن؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە، بۆ جیاوازی میتۆدی هەڵسوکەوتی ئەوروپاش لەگەڵ ئەمریکا دەگەڕێتەوە لەدنیادا، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەم پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە پێشدا کۆمەڵێك رۆشنبیری دنیای عەرەب ئامادەیان کردو پێشکەشیان کرد بەنەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو بەرنامەیەك بۆ گۆرانکاری.. دوایی ئەمریکا بەدەستیەوە گرت و گۆرانی تیادا کردو کردی بەم پرۆژەیە، دواییش پێشکەشی کرد بە هەشت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەی دنیا، ئەم




ئاڵوگۆڕەی ئاخیری تێدا کرد رەنگ بێ ئەمریکا بەپەلەتر بێت لە پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسی، ئورووپا بەشێنەیی تر بێت وخوازیاری ئەوە بێت لە قوڵاییەوە، لەرێگەی کۆمەڵایەتی و گرنگی دان بە دامەزراندنی موئەسەسات و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەپەروەردەو ئابوری وڵات ئیش بکرێ. کەئەمە مەبەستێکی نادروست نییە، بەڵام بەمەرجێك مانای ئەوە نەبێ سازشێکی سیاسی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێ. ئەگەر ماناکەی ئەوە بێ کە سازشێکی سیاسی بکرێ ستاتوسکۆئۆ (ئەمری واقیع) دەپارێزرێ.

*چاودێر: لەرۆژئاوادا دێموکراتی لەسەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی سەدەی هەژدەو نۆزدە بەو پەڕی توندوتیژی سەرکەوت، هەتا توانی دەسەڵاتی ئایینی ببەزێنێ، دەی باشە دەسەڵاتی ئایینی ئیسلامی بەهێز ترەو کاریگەرترە لەسەر رۆحی گەلانی رۆژهەڵات، ئیتر چۆن دەتوانرێ پرۆژەیەکی ریفۆرمیستی بەبێ توندو تیژی، بەبێ شۆڕش، بەبێ ئاڵوگۆڕی رادیکاڵ ئەم سەرکەوتنە ستراتیژییە گەورەیە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بەدی بهێنرێت، بە هەنگاوی شێنەیی ریفۆرمیستی؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* نەخێر، ناتوانێ، منیش لەو بڕوایەدام ناتوانێ، بەڵام ئەو هەنگاوە شێنەیی و بەئەسپاییانە پێویستە، بەڵام هەرگیزجێگەی ئاڵوگۆڕی گەورەو شۆڕش و گۆڕانکارییە گەورەکان ناگرنەوە، هەرگیز جێگەی بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکان و هاتنە مەیدانی خەڵك بۆ ئەو گۆرانکارییە ناگرنەوە. بێگومان پێویستی بەهەڵتەکاندنی ئەو نیزامانە هەیە، منیش لەو بڕوایەدام زیاد لەئەندازە بەئەسپایی حەرەکەت کردن، ئەنجام

نادات. بۆ مەسەلەی دەوری ئایین لەم کۆمەڵانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا من لەو بڕوایەدام، تا کاتێك کە ئایین قەڵەمڕەوی گشتی بەجێ نەهێشتووە، دەستی لەدەسەڵاتی سیاسیی و پەروەردە هەڵنەگرتووە، تا ئەو کاتەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریەکی دیمۆکراتی ڕاستەقینە بەخۆیە نابینێ. بۆیەش من دەورێکی زۆر دادەنێم بۆ گۆڕان لەنێو فکری ئایینیدا، کەئەمە بەشتێکی گرنگی دەبینم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی کەپێی دەڵێن ریفۆرماسیۆنی ئایینی و کاتی خۆی لە ئورووپا ڕووی دا. بەبێ ڕوودانی شتێکی وەکو ئەوە، بەبێ شۆڕشێکی ئاوا، من پێموایە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناتوانێ بەهاو پرەنسیپە دیمۆکراتیەکان هەزم بکات.

***چاودێر: ئەو بزووتنەوە بەرفراوانە ریفۆرمیستییەی کە لەناو جەرگەی ئایینی مەسیحی ڕویدا، لەڕاستیدا، ئایینی مەسیحی خۆی یارمەتیدەری ئەو کارەیە، ئایینی مەسیحی قابیلی ئەوە بوو بزووتنەوەیەکی بەرینی ئاوا تیایدا سەرکەوێ، مەسیح خۆی وتبووی: ئەوەی هی خوایە بۆ خوای جێبهێڵن و ئەوەی هی قەیسەریشە بۆ قەیسەر بەجێی بهێڵن، مەسیح قەت ئیدعای ئەوەی نەکردووە دەسەڵاتی مەسیحی هەبێت، خیتابی مەسیح لەگەڵ تاك بوو، لەگەڵ پاکژکردنی ڕۆح بوو، لەگەڵ ئاسوودەیی سایکۆلۆژی ئینساندا بوو، بەڵام خیتابی ئیسلام خیتابی دەسەڵاتە، خیتابی سەپاندنی دەقە، خیتابی ڕێگەنەدانە بەهیچ دەقێکیتر لەبەردەم دەقی ئیسلامیدا، ئاخر ئەم بزووتنەوە ریفۆرمیستییە چۆن دەتوانێ بناغەکانی ئەم ئایینە لەبنچینەیەکەوە بۆ بنچینەیەکیتر وەربچەرخێنێ.***

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحییەتدا ئامـاژەت پێکردن، ڕاستن، ئایینی مەسیحییەت زۆرتر وەکو چالاکیکی عیرفانی وایە، کەئینجیلەکان دەخوێنیتەوە وەك دەقێکی عیرفانی وان نەك دەقێکی یاسایی و، دەقێك بۆ ئیدارەکردنی دەوڵەت و دەسەڵات، بەڵام بەهەموو ئەو جیاوازیانەشەوە، پێم وایە لایەنێکی دیکە نابێت فەرامۆش بکرێت، ئەویش ئەوەیکە هیچ ئاینێك و، لەوانە ئایینی ئیسلام، بەگشتیتر قسە بکەین هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نییە کەقابیلی تەفسیری جیاواز نەبێت. لەئیسلامیشدا تەفسیری جیاواز دەتوانیت بکەیت، هەر ئێستا تەفسیری جیاواز هەیە.

***چاودێر: تەفسیری جیاواز هەیە بۆ قسەی خولەفا، تەفسیری جیاواز هەیە هەتا بۆ هەندێك لەسوننەتی محەمەد، بەڵام ئیجتهاد لەدەقی قورئاندا نییە.***

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* ئاینی ئیسلام کاتی خۆی لەسەدەکانی ناوەڕاست و دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئەم وڵاتانە لەلایەن خولەفاو حوکامە دەسەڵاتدارەکانیەوە کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵك و بۆ داسەپاندنی دەسەڵات، عەینی ئایینی ئیسلام لەهەمان کاتدا بەڵام بۆ چین و توێژێکی تری کۆمەڵ، بۆ چەوساوەکان یا بۆ خەڵکی تریش یا بۆ شعوبییەکان، کەئیسلام خۆی بەسەریاندا سەپاندبوو، سەرچاوەی ئیلهامێك بوو بۆ بەرەنگاری بەرامبەر بەدەسەڵات. تەفسیری وا دەکرا لەئیسلامدا کە بۆچی خاوەن موڵك هەر دەبێ خاوەن موڵك بێت، تەفسیریش دەکرا کەبۆچی دەبێت ئەو موڵکە دابەشبکرێت لەنێو جووتیارانی ئەو سەردەمەدا. من وا دەزانم گرفتی دەق هەیە، موشکیلەی دۆگمای ئیسلامی وجوودی هەیە، ئەوە کاری دیمۆکراتیزەکردن لەوڵاتانی ئیسلامی دژوارتر دەکات، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەو کارە مومکینە، یەعنی من ریفۆرماسیۆنێك لەئایینی ئیسلامدا

بەناموومکین نازانم، وتیشم تەفسیری جیاواز هەیە، نەك هەر تەفسیر لەئەم ئیمام یا ئەو خەلیفە تەفسیری جیاواز یەعنی خوێندنەوەی جیاواز، لەوەی کەجێ و شوێنی ئیسلام لەکۆمەڵگادا دەتوانێ چی بێت. هەر ئەلعان لەئێران، ئێرانێك کەخۆی شۆڕشی ئیسلامی تێدا کرا و بوو بەسەرچاوەیەك بۆ شێوەی فیکری فۆندەمێنتالیزمی ئیسلامی، هەر لەم ئێرانەدا کەسی وا هەیە دەڵێ روحانییەت شتێکی زیادییە، دین بۆ ئیدارەی کۆمەڵ نەهاتووە، دین پەیوەندی خالق و مەخلووقە و هیچ کەس بۆی نییە لەم پەیوەندیە تەداخول بکات و خۆی تێهەڵقورتێنی، دەڵێ توێژێك بەناوی روحانییەت یا ئاخوند یامەلا زیادییە، دەڵێ هەر کەس کەدەیخوێنێتەوە بەدڵی خۆی چۆن ئیمانی هێنا لێگەڕێن ئاوا ئیمان بێنێ، ئەو قسەیە ئێستا لەئێرانیش هەیە، فەیلەسوف هەیە وا دەڵێ، دینداریشە.

***چاودێر: باشە لەئێراندا شۆڕشی ئیسلامی کرا، یا شۆڕشێك کراو ئیسلامی تیایدا زاڵ بوو.***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** ئەوە تۆزێ دورمان دەخاتەوە، بەڵام شۆڕشێك کرا ئیسلامی تیایدا زاڵ بوو. من حەز ناکەم بڵێم شۆڕشی ئیسلامی، بەڵام دەستەواژەیەکم بەکار برد کەزۆرتر لەدنیای غەربیدا بەکاریدەبەن، حەز دەکەم خوێنەر یا بیرمەندێکیش کە بیر لەو شۆڕشە دەکاتەوە کە لە ٧٨_٧٩ لەئێران رویدا، شتەکان سادەو دوو دوو چوار نەکاتەوە، واتا: حەرەکەتی ئیسلامی کەجڵەوی ئەم شۆڕشەی لەئێران بەدەستەوە گرت ئاوا نەبوو کەمینێکی بۆ شۆڕش دانابێت، هاتبێت سەرکردایەتیەکەی رفاندبێ و رۆیشتبێ، شتی ئاوا ناکرێ. بەبێ‌ئەوەی ئەم حەرکەتە ئیسلامییە ریشەیەکی بووبێ، یا هەلومەرجێك خوڵقابێ کە ئەو بتوانێ جڵەوی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە بەدەستەوە بگرێ، مومکین نەبوو لەپڕدا ئاوەها بیرفێنێ. ئەو هەلومەرجەش لەکوێوە سەرچاوەی گرتبوو؟ لەقەیرانی ئەڵتەرناتیڤەکانی ترەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەڵتەرناتیڤەکانی تر نەیانتوانی رێگەی دەرباز بوون نیشان بدەن و سەرکردایەتییەك بەرهەم بێنن بۆ دەرهاتن لە ژێر دیکتاتۆری.

***چاودێر: ئێستا ئێمە لەدوو مەیداندا تاقیکردنەوەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئەبینین، یەك لەئەفغانستان و دووش لەعێراق، دیارە زووە حکووم لەسەر بەرەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوانە بدەین، بەڵام دەتوانین پێوانەکانی بەراوردکاری بەکاربهێنین لەعێراق و ئەفغانستاندا هەتا پێوەرێك بۆ حوکمدان دەست بخەین وەکو: ئاخۆ لەئێراندا چۆن دەبێت، ئێران وڵاتێکی زۆر گرنگترە لەعێراق و ئەفغانستان بەبڕوای من، بەبێ ئاڵوگۆڕی قوڵ لەئێراندا پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لانی کەم لەرۆژهەڵاتی نزیکدا سەرناکەوێ پێت وا نییە رۆژئاواو ئەمریکا لەئەفغانستان و عێراق توشی ئەم هەموو کێشەیە بوون، لەئێران دووچاری کێشەی زۆر گەورەتر نابن؟***

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** منیش پێم وایە ئەگەر تەماشای مێژووی سەد ساڵی رابردووی ئێران بکەین دەبینین کەئێران لەناوخۆ ئاڵوگۆڕی کردووە، بەڵام هەموو جارێك ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەری گۆڕانی جیهانی بەسەردا دەبینی، بۆ نمونە: هەر بڵێین شۆڕشی مەشروتیەتی ئێران کەساڵی ١٩٠٥ کرا ئەو وەختیش زیاتر لەماوەی سەد ساڵ بۆ سەد و پەنجا ساڵ دەبوو کە ئێران کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی دنیای رۆژئاوا، وانەبوو کەشۆڕشی مەشروتیەت تەنیا هەڵقوڵاوی ناوخۆی ئێران بێت، بەڵام کرا بەشتێکی ناوخۆیی و

تەبیعەتێکی ئێرانی بەخشی بەو حەرکەتە. حەرەکەتی سەردەمی موسەدیقیش وابوو، یانی کاریگەری هۆکاری جیهانی زۆربوو بەسەریەوە. ئێستاش مەرج نییە کەسیناریۆی گۆڕان لە ئێران وەکو ئەوەی عێراق و ئەفغانستان بێت.

***چاودێر:** دوو شت گرنگە دەیبینین، یەك دەسەلات و رەگ و ریشەی شیعەگەرا لەئێراندا، دووش ئێرانێکی مێژوو شارستانی هەتا رادەیەکیش خەڵکی مەدەنی و پێشکەوتووی عەشق بەئاڵوگۆڕ، ئەم دوو شتە دەبینین کەزۆر ناکۆکە، هەناوی ئێران جۆش دەخوات بۆ دنیای مۆدێرنێتە، دەسەلات و رۆحیشی سیخناخە لەئاین، یەعنی ئەم دوانە کامیان بەسەر کامیان زاڵ دەبێت لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا.*

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** درەنگ یا زوو پرۆژەی مۆدێرنێتەو پێشکەوتنخوازی و شارستانیەت و سێکولاریزم سەردەکەوێت لەئێراندا، هیچ گومانێك لەوەدا نییە. ئەسڵەن خۆی ئەوەی بەناو شۆڕشی ئیسلامی و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لەئێران روویدا، من بەقۆرتێك یا وەنەوزێکی دەزانم لەڕێگەی چونی ئێران بەرەو شارستانیەتێکی باڵاتر.

***چاودێر:** وەنەوز، قۆرت لە ٧٨-٧٩ تا ٢٠٠٥ ی خایاندوە ئەم وەنەوزە یا هاوارێکی مێژووی فۆندەمێنتالیستی‌یە لەسەدەی بیستەمدا دەنگی دایەوەو، پێشبینیش ناکرێ وا بەئاسانی ئەم دەسەڵاتە چۆك دابدات، ٢٧ ساڵ وەنەوزی سیاسی زۆرە!؟*

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** راستە، من ناڵێم ئەو وشەیەی بەکارم برد، لەباری کۆمەڵناسیەوە زۆر دەقیقە، بەڵام مەبەستم ئەوە بوو بڵێم ئێران لە ١٠٠ ساڵ لەوەو پێشەوە تا ئێستا هەوڵیدا رێگە ببڕێ لەرێبازی مۆدێرنێتەدا، درەنگ یا زوو هەر دەبێ بەوە بگات. راستە، حەرەکەتی ئیسلامی فۆندەمینتالیست ٢٧ ساڵە لەسەر کارە، بەڵام پێم وا نییە دەسەڵاتی دینی بەحوکمی توانای مانەوەی سیاسی و مێژوویی خۆی مابێتەوە، زۆر دەمێکە بەزەبرو زەنگ و توندوتیژی لەسەرکار ماوەتەوە. بۆچی سەدام کەم لەسەر کار مایەوە؟ ئایە وڵاتی بەرەو ئاوادانی برد، بەرەو گەشەکردنی برد، بەرەو عەدالەتی برد، بەرەو ئازادی برد؟ بەپێچەوانەوە چەندین شەڕیماڵوێرانکەری توشی عێراق کرد کەچی هەر لەسەر کاریش مابۆوە، تا ئەمریکا لێیدا.

***چاودێر:** واز لەعەدالەت و دیموکراتی و ئازادی بهێنین، رژێمی ئێستای ئێران لەباری تەکنەلۆژیەوە، لەباری عیمرانیەوە، لەباری ئاوەدانیەوە لەباری کارەباوە، بیمارستانەوە، تەلەفون بەراوردی بکەیت بەزەمانی شا سەد بەرامبەر خزمەتی کردووە.*

***عەبدوڵڵا موهتەدی:*** حکومەتی ئێران لەچاو ئەو سەروەت و سەرمایە سروشتیەی کەهەیەتی و، لەقەدەر ئەو هێزە ئینسانیە بەتوانایەی کەهەیەتی و، ئەو هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەی کەهەیەتی، دەیتوانی زۆر زۆر لەوە باشتر بکات. لەراستیدا حکومەتی جمهوری ئیسلامی مۆدیلێکی لەپەرەسەندنی ئابوری نەهێناوە بەڵکو وەکوو تاڵانچی هاتن و ئێرانیان تاڵان کرد، ئەلعان خەریکن ئێران تاڵان دەکەن. بەرهەمهێنان لەگەورەترین قەیرانی خۆیدایە، ئێران دەیتوانی لەم ٢٠-٣٠ ساڵەدا دواکەوتویی لەبواری پیشەسازیدا بەجێ بهێڵێ و ببێتە یەکێك لەو وڵاتانەی وەك ئاسیای دوو، یا بەو ئاقارەدا بڕوات.

*چاودێر: ئێران قەرزار نییە، تەکنەلۆژیای بەهێزی هەیە.*

*عەبدوڵلا موهتەدی:* قەرزارە

*چاودێر: قەرزار نییە، قەرزارێکی وا نییە کە کەوتبێتە ژێر بارێکەوە خەریك بێت بخنکێ، ئێران چەکی ئەتۆمی دروست دەکات، ئێستا زۆرترین ئالەتی جەنگی خۆی، کارخانەکانی، ماشینەکانی خۆی بەرهەمیدەهێنێ و وە ئێستا هەناردەی هەیە، ئێستا ئێران هەڕەشەی ئابوری گەورە دەکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایە ئەم ئاڵوگۆڕ نییە لەباری ئابوریەوە؟*

*عەبدوڵلا موهتەدی:* با چەند نمونەیەك بێنمەوە کە دەریخات خەسڵەتو ماهیەتی ئابوری ئێران چییە، یەکەمیان ئەوەیە هەموو ئابووری ئێران لەبەردەستی چەند موئەسەسەیەکدایە، ئەمانە بەحساب بۆ بازرگانی نین بەڵکوو بۆ کاری خێرخوازین، بەڵام لەڕاستیدا بۆ کاری بازرگانین و، ئەو موئەسەسانە لەبن چنگی ئاخوندەکاندان، تۆ ناتوانی هیچ پرۆژەیەکی سنعەتی بەڕێوەبەری ئەگەر نەیانکەی بەشەریك لەگەڵ خۆت. یەعنی توێژێکمان هەیە کەئیمتیازاتێکی هەیە کەهیچ کەس نیەتی، ئەوە لەحکومەتێکی مافیایی دەچێت لەبواری ئابوریدا.

دووەمینیان ئەوەیە بچۆ رۆژنامەکانی ئێران بخوێنەرەوە لەسەد کارخانەی ئێران  هەشتایان ناتوانن موچەی کرێکارانی خۆیان بدەن نەك بەمانگ، بەشەش مانگ بەساڵ بەدوو ساڵ موچە دوا دەکەوێت، کوا بەرهەمهێنانێکی زۆر و روو لەگەشەی هەناردەی زۆر بێت، ئاوایە؟ بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ وایە؟ چونکە مافیای ئابوری کەژمارەیەك لەئاخوندەکانن، ئەو مافیایە خۆی بەدائیمی نابینی، بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ گەشەکردنێك نابینێتەوە، هەر ئێستا ئێران رفێن رفێنە، هەموو کەس گیرفانی خۆی پڕ دەکات، بۆیە بازرگانی دەکەن، تەولید ناکەن، لەچەندین بەندەری ئێران سەرانی ئێران بەندەری تایبەتیان هەیە، بەشێکی تایبەتیان هەیەو قۆرخیان کردوە، هەر کاڵایەك بیانەوێت داخڵ بەئێرانی دەکەن بەبێ ئەوەی بچوکترین گومرگ بدەن، نەتیجەکەی ئەوەیە بەرهەمهێنان هەڵناستێ لەئێران، خێر ناکات بەرهەمبهێنی، دەبێ بچی قاچاخ بهێنی.

*چاودێر: ئەگەر مەسەلە قاچاخ بێت، کام وڵاتی سەرمایەداری دنیا هەیە قاچاخی تیا نەبێت، بڕۆ سنوری ئەمریکاو مەکسیك لەهیچ شوێنێکی دنیا ئەو فڕکان و فڕکان و قاچاخچێتی یە نییە کەتۆ باسی دەکەیت.*

*عەبدوڵلای موهتەدی:* بەڵام لەوی دەوڵەت نایکا، لەئێران دەوڵەت دەیکات.

*چاودێر: دەوڵەتیشی تیایە.*

*عەبدوڵلا موهتەدی:* قەیناکە لەوانەیە "شەریف"ی شارێکی بچکۆلەی تیادابێت، دەمی ئەو چەور دەکەن، وەلی لەئێران موئەسەساتی ئەسڵی، کەسانی ئەسلی کەدەسەڵاتی سیاسین گەورەترین بازرگانانن، ئەمانە سەرۆکی مافیای ئابووری ئێرانن، ئەمانە لەفکری ئەوەدا نین کەمۆدیلێکی پەرەسەندنی ئابوری بۆ ئێران دابێنن، لەفکری ئەوەدان هەرچی زووتر حسابی بانکەکانی سویسرایان پڕکەن، بۆیە بەم حسابە بازرگانیەکی بێ حساب و بێ گومرگ هەیە. ئەی نا پرسی بزانی، فڕۆکەخانەی تازەی تاران بۆ نەکرایەوە؟ لەرۆژی کرانەوەیدا قەرار وا بوو خاتەمی بچێت بیکاتەوە، لەهەمان رۆژ سوپای پاسداران پێشی پێگرت، کەداوای دەکرد تەرمینالیك تایبەت بکەن بۆ کاڵای ئەو، نەیانکرد، ئەوانیش فڕۆکەخانەکەیان پێداخستن. ئێران بەزەرفیەت و تواناکانی خۆی

کارناکات، بچۆ ئامار وەربگرە بزانە چەند دەتوانێ بەرهەمبهێنێ، بەڵام چەند بەرهەمدەهێنێ، کەم جێگا هەیە لەئاستی زەرفیەتو توانستی بەرهەمهێنانی خۆیدا بێت. وڵاتێکی کە گەشەی بەرهەمهێنانی پێوەیە بێکاری کەم دەبێتەوە، ٢٥ ساڵە رێژەی بێکاری ٣٠-٤٠٪ دەبێت، ئەی ئەو خەڵکە بۆ وا بێکارە؟

***چاودێر:** کەواتە بەپێی لێکدانەوەی جەنابت بێ، ئێران ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری گەورە، ئەگەر ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری گەورە، پێت وایە تەقینەوەیەک، راپەڕینێک، حەرەکەتێکی بەرینی سیاسی بەرهەڵستکار دەتەقێتەوە؟*

*عەبدوڵڵا موهتەدی:* کێشەی ئێران ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنەکەی، کوردی لێبەدەر، پەراگەندەیە، یەکنەگرتووە، کەم هێزە، ئەڵتەرناتیڤێکی سەنگینو جێگای بڕوای خەڵك هێشتا شکلی نەگرتووەو سەری هەڵنەداوە...

ئەم وتوویژە ماویەتی.